# ریباڤیرین زەردووی تولانی جۆری C چاكدەكاتەوە .

پسپۆرانی نەخۆشییە درمەكان (زەردووییەكان) ی سویَد ئاشكرایانكرد كە زەردوویی تولانی جۆری C كە یەكێكە لەو نەخۆشییە ڤایرۆسییانەی كاردەكاتە سەرجگەر و دەبێتە هۆی سۆی تولانی جگەر بە ریباڤیرین چاك دەبێتەوە . هەرچەندە هەندێك لە تووشبوان نەخۆشییەكەیان پێوە دیارنییە بەلاَم لە پێنج كەسدا هێدی هێدی یەكێكیان تووشی دارزین یان شێرپەنجەی جگەر دەبێت . ئەو كەسانەی تووشی جۆرە سەختەكەی ئەم زەردووییە دەبن پێویستە پێش دەركەوتنی ئالۆزكارییەكانی زەردووییەكە چارەسەریان بكرێت یان كەمبكرێتەوە . پاش ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی سنووردار لە نەخۆشخانەكانی كارۆلینسكا و هودینیَ ی ستۆكهۆلم كە چەند نەخۆشێكی لە خۆگرتبوو، ئەو نەخۆشانەی دووژەم ئەنتیڤایرۆس Ribavirin یان وەرگرتبوو ئەنجامی چارەسەركردنەكەیان زۆر باش بووە بە رادەیەك لە 10 نەخۆش 9 یان چاكبوونەتەوە . ئەوەی راستی بێت ئاسایی پزیشك دەتوانێت 1200 ملگم ئەنتیڤایرۆسی ریباڤیرین بدات بە نەخۆش بەلاَم بۆ ئەم جۆرە زەردووییە پزیشك دەتوانێت 2500 ملگم و لە هەندێكی باری دی دا 4000 ملگم (4 گرام) لە دەرمانی نێوبراو بدات بە نەخۆش . هەرچەندە ئەنتیڤایرۆسەكە بە رێژەی ئاسایی دەبێتە هۆی كەمخوێنی وەلیَ ئەمرۆ بە هۆی دەرزی تایبەتەوە پرۆسەی دروستكردنی خوێنی زەردوویی‌دارەكان دەهەژێنرێت و تا رادەیەك توانراوە بەسەر ئەو نیشانە لاوەكییەدا سەربكەون .

سەرنج : نزیكەی 30 ساڵ دەبێت كە دەرمانی ریباڤیرین هەیە پاش ساڵی 1990 وە دژی زەردووی جۆری C و سییە سۆی RSV بەكاردەهێنرێت .

سەرچاوە

سوود لە لاپەڕە 23 ی هەفتەنامەی Dagens Medicin ی ژمارە 9 ی 2 مارس ی ساڵی 2005 ی وەرگیراوە .